# بیزنسمانی کورد !!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**



هەیە پێی خۆشە کە پێی بوترێت راوچیەکی ئازا بەڵام مەرج نییە ئەوەی کە راوی کردو نێچیری کرد دەرخواردی عالەمی بدات، هەیە حەزئەکات پێی بڵێن بەراستی دەروێشێکی چاکە ئیتر ئەویش بەراست و چەپدا قژی بەرەڵا ئەکات و جەزبەو حاڵ ئەیگرێت و سیخ ئەکات بە خۆیاو تا شێخ پلەی موریدیەکەی مەقبولتر بکات، هەشە حەز ئەکات نوسەرە گەورەکەی کورد بێت تا بەردەوام خۆی بکاتە پاڵەوانی شاشەو مایکی رادیۆکان و تەراتێنی سەر رۆژنامەکان و کاتێکیش داوای بەستنی کۆڕێکی لێ دەکەی لە گەرمیان دەڵێ وەڵا گەرمە نایەم؟! هەشە حەزئەکات سیاسیەکی موحەننەك یان دیبلۆماتێکی شیك و زمانزان بێت ئیتر وا دەربکەوێت بێ ئەوەی تا ئێستا سیاسەتێکی حەکیمانەی پیشاندابێن و تیۆریزەی رووداوێکی کردبێ یان هەر هیچ نەبێ پێش رووداوێك کەوتبێ بەڵام هەمیشە پێش دەعوەتەکان کەوتووەو نەیهێشتووە ئیمتیازەکانی لەدەست بچێ؟! دیارە ئەوەی کە ئێمە گەرەکمانە قسەی لە بارەوە بکەین ئاستی بیزنس و ئەتەکێتی سەرمایەو خزمەت و وەبەرهێنانە بۆ وولاتەکەمان کە تەنانەت لە ئاست دەرو دراوسێشدا هێشتا وولاتەکەمان لە پلەی سفردایەو مایەی هیچ شانازیەك نییەو ئەوەش کە بەرهەمی دێنین و دروستی دەکەین ئەبێ بۆ حیزب بێت و حیزبیش ئۆکەی لەسەر بدات، دیارە بیزنس بۆ ئەم وولاتە شەرقیانەی لای خۆمان هەروایە تەنها ناوێکی قەبەو زل و بێکەڵکەو هەرکەس هەڵئەستێ دەڵێ من کاری بزنس و بازرگانی ئەکەم و ئیتر ئەمیش حەز ئەکات پێی بوترێت بیزنسمانی کوردی واتە پیاوی گەورەی خاوەن کارو بازرگان، کە بەرای من بیزنسێکی وامان نییە کە حیزب دەستی لە پشتیدا نەبێت و نەیجوڵێنێ، بۆیە ئەوانیش بە کاوەخۆ پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکەن و نە قیرمان قیرەو نە زێرابمان زێراب و نە پارکمان پارك، بەراستی بیزنسێکی گوناحین، بەڵام ئایا ئێمە کاری بیزنس بۆ خۆمان و منداڵ و ماڵە راقیەکانی خۆمان ئەکەین یان بۆ وولاتەکەمان؟ بێگومان بۆ خۆمان و خۆمان و خۆمان، ماڵی بازرگان و بەرپرسەکانمان وەك دوبەی و شەقام و شوێنە گشتیەکانیشمان وەك کەلاوەو وێرانە، چونکە لە شتگەلە شەخسیەکاندا وەك ماڵ و سەیارە و ژنی یەکەم و دووەم و عیلاقە نهێنیەکانیش راقییەکی عەشایەرین بەڵام لە شتگەلە گشتیەکانی خەڵکدا بۆنمونە دروستکردنی خەستەخانەیەکی چاوی ئەهلی زانستی دەست قوچاوێکی مۆدێرن و رەزیلێکی بێ مستەواین!!؟ لەم رۆژانەدا بیزنسێکی ئەوروپی کە کاری کۆنسوڵتەیشن و دامەزراوە بازرگانیەکانی بۆ ئەکردین لە پێشانگای نێودەوڵەتی جایتێکس لە دوبەی، پێی ووتین کاری بیزنس لای ئێوە تەنها بۆ پارە پەیداکردنە نەك بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی بیزنس بە شێوە زانستیەکەی، بە کوردیەکەی خۆمان عەشایرانە لێئەخورین کە بەراستی و واقیعیش هەر وایەو ئێمە هەر کۆ ئەکەینەوە بێ ئەوەی بیر لەوەش بکەینەوە ئەی چۆن موئەسەسە دروست بکەین و پارەکانمان بکەینە ناو پرۆژەی مۆدێرن و کۆمپانیاکانیشمان ئۆرگەنایز بکەین، سادەترین بنەماو کاری بیزنس لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتدا بێگومان کارکردنە بە ئاراستەی نەش و نماکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەك ئاووکارەباوشەقام و تەلاری جوان و سیستمی پێرفێکتی هاتوچۆو

بانك و پاراستنی پێگەی هاووڵاتی بوون، کەچی لای ئێمە ئەو هەموو بازرگان و دەوڵەمەندو کورە دەوڵەمەندە هەیە هەست بە ئازاری جادەو بان و گوزەرانی هاووڵاتیان و هیلاکی ووڵات ناکەین، وەك بڵێیت ئەمانە بای دەربن و کوری فیزاو سەفەربن و خەڵکی ئەم ووڵاتە نەبن و خۆیان بە هاووڵاتی ئەم دەڤەرە نەزانن، لەکاتێکدا لە گشت ووڵاتێکدا ئەوەی کە ئابوری ووڵات رائەگرێت و ژێرخانەکەی پتەو ئەکات تەنها بیزنسەکانن، بەڵام عەقڵی بیزنس نەك پارەی بیزنس، ئەوەی کە زانکۆو خەستەخانەو یانەی وەرزشی چێ ئەکات بیزنسمان و عەقڵی بیزنسمانەکانن نەك پارەکانیان، چونکە ئەوانە تەنها هەڵگری ناوە مەعنەویەکەی بیزنس نین بەڵکو کاریانکردووە بە ئاراستەی دروستکردنی گوتار بۆ پرۆژەی بنیادنان و خزمەتگوزاری گشتی و سەرمایەگوزاری تەنانەت ئەوان لە ووڵاتی خۆیاندا حکومەت و پەرلەمانی خۆیانن و بەپێی سیستم ئەرۆن و کار ئەکەن نەك میزاج؟! بەڵام لای ئێمە ئەندام پەرلەمانمان هەیە خۆی بازرگانەو دەیان کاری تریش ئەکات!! ئەندام مەکتەب سیاسیمان هەیە هەمان کات خاوەنی کۆمپانیایەو بیزنسیش ئەکات و راوچیشەو نوسەریشەو دەروێشی کوتلەیەکی حیزبەکەشیەتی و دواجار لە دەرەوەی ووڵاتیشدا دبلۆماتە..